Kurdistan Biology Syndicate
سەندیکای بایۆلۆجی کوردستان

# بایۆنیوز

گۆڤارێکی رۆشنبیری زانستی و پیشەیی یە
سەندیکای بایۆلۆجی کوردستان وەرزانە دەری دەکات
ژمارە (٨) سالی چوارەم - ٢٠٠٩

٨

# BioNews



# هەستی شەشەم لە نێوان ڕاستی و ئەفسانەدا

ئەشمیل سعید خضر
کۆلێژی زانست /بەشی ژینگە/زانکۆی سەلاحەدین

هەستی شەشەم وەکوو ئەوەی کە زانایانی دەروونی ئاماژەی پێ دەکەن بریتی یە لە هەستێکی خۆنەویست کە لە سروشتی مرۆڤدا هەیە، ئەم هەستەش لای هەندێ کەس زیاترە یا بە هێزترە بۆ دووربینی بەو شتانەی کە لە لۆژیک و زانستەوە دوورن، هەر بۆیەش هەستی شەشەم ئەو جۆرە کەسانە توانادار دەکات بۆ زانینی شتە نەزانراوەکان و پێشبینی کردنی ڕووداوەکانی داهاتوو بە پلەی جیا جیا لە هەر مرۆڤێک دا.



لە ڕاستیدا هەستی شەشەم لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام لای کەسانێک چالاک ولای ئەوانی تر خەوتوو، ئەمەش پەیوەستە بە چەند فاکتەرێک لەوانە:

بیر ڕوونی و دەمار هێمنی ومام ناوەندی ئارەزوو، بۆیە هەر کاتێک مرۆڤ لە بارێکی باشدا بێت هەستی شەشەمی چالاک دەبێت و بە پێچەوانەشەوە کاتێک لە بارێکی ناهەموار دابێت چالاکی ئەم هەستەی نامێنێت و بزر دەبێت.

دوای ئەو ژمارە زۆرەی توێکاری تەرمەکان کە ماوەیەکی زۆرە ئەنجام دەدرێت لە جیهاندا، بەگشتی زانایان لە ساڵی ١٩٩٧ گەیشتنە ئەنجامی ئەوەی کە ئەندامێکی نەبینراو لە لووتی مرۆڤدا هەیە بە ناوی VNO کە بەرپرسە لەسەر غەریزە و هەستی سۆزداری و ناویان ناوە ئەندامی هەستی شەشەم.

بەپێ ی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری ساینس، هەستی شەشەم لە مرۆڤدا کە تایبەتە بە هەست کردن بە مەترسیەکان، زۆرێک لە زاناکان ڕەتی دەکەنەوە و بە ئەفسانەی لە قەلەم دەدەن، لە ڕاستی دا هەستی شەشەم لە پارچەیەکی مێشکدا هەیە و مامەڵە لەگەڵ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان دەکات. لەم بارەیەوەش توێژەرێک بە ناوی گۆشوا براون لە زانکۆی واشنطن لە سانت لویسی ویلایەتی مەیسوری لە چاوپێکەوتنێکدا ووتی : ئەو شوێنەی مێشک نیشانەی Signal مەترسی دەردەپەڕێنی کە ناتوانی بچێتە ناو مێشکی هۆشیارەوە، ئەم توێکڵەش دەکەوێتە لەتی پێشەوەی مێشک و تەنیشت جیاکەرەوەکان کە هەردوو بەشی ڕاست و چەپی مێشک جیا دەکاتەوە. ئەوەی شایانی باسە، ئەم توێژەرە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری بەکارهێناوە و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە بەکارهێنانی گەنجی تەندروست بووە بۆ ڕەت دانەوەی چالاکی لەسەر ئامێری بەدواداچوون و پێوانەکردنی چالاکی مێشک لە نێوان هەر دوو چرکە و نیودا ئەویش بەهۆی ئامێری تیشکی ڕەنینی موگناتیسی. لە ئەنجامدا براون بۆی دەرکەوت کە مێشکی مرۆڤ نیشانەیەکی ئاگادارکردنەوە چالاکتر وەردەگرێت لە ماوەی کە لە ڕابردوودا وای بۆ دەچوون.

لە ڕابردوودا، چالاکی توێکڵی پۆشەری ناوەوەی مێشک کاتێک دەبینرا کە مرۆڤ دەبووایە بڕیارێکی ئەستەم بدات یاخود کە هەڵەیەک دەکات، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە ئەم شوێنە بەڕاستی دەتوانێت فێری زانستی هەست کردن بێت کاتێ کە هەڵەیەک ئەنجام دەدات، هەروەها ئەم شوێنە فێری ئەوە بێت کە زووتر ئاگاداری مرۆڤ بکاتەوە کاتێ کە هەڵس و کەوتێکی هەڵە ئەنجام دەدات و بەرەو ڕێگایەکی خراپی دەبات.

براون ئاماژەی بەوەش دا کە ئەم توێکڵەی مێشک بە توندی بەستراوە بە گیرو گرفتە ئەقلیە ترسناکەکان، وەکوو شیزۆفرینیا و شێوازی کەسایەتی و شلە ژانی دەروونی. هەروەها ئەو گوێزەرە دەماریانەی neuro trans meters پەیوەستن بەم دیاردە دەروونیانە هەمان ئەم گوێزەرانەن کە پەیوەستن بە بەردەوام بوون لەسەر ماددە بێ هۆشکەرەکان و شەلەی لەرزەك (پارکنسۆن)، و لەوانەش ماددەی دوپاجین دەورێکی کارا بگێری لە ڕاهێنانی توێکڵی پۆشەری ناوەوەی مێشك بۆ زانینی کاتە گونجاوەکان بۆ ئەوەی signal زووتر ڕوانە بکات.



**چیرۆکەکانی هەستی شەشەم**

ماوەیەکی درێژە زانایان بە دوای دیاردەی هەستی شەشەم داچوون هەر لەو ڕۆژەوەی کە ڕووداوی بە ناوبانگی پێشەوای ئیمانداران عومەری کوری خەتاب و پێشەوا ساریە رووی داوە. دەڵێن عومەری لەسەر مینبەر بووە چەند قسەیەکی سەیری کردووە کە نوێژکەران تێ ی نەگەیشتون، ووتویەتی : ئەی ساریە، چیا. ئەمەش وا ڕاڤە دەکرێت کە دوژمنانی بینیوە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هێرش کردنە سەر موسوڵمانان بۆیە دەنگی کردووە، ساریە، سەیر لەوەدایە کە ساریە ئەمەی بیستووە دەست بەجێ فەرمانی عومەری بەجێ هێناوە و لە ئەنجام دا هێزەکانیان سەرکەوتنێکی مەزنیان بەدەست هێناوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە عومەر شتێکی بینیوە کەسانی تر نەیانبینیوە و ساریەش شتێکی بیستووە کەسانی تر نەیانبیستووە، واتە عومەر لە دوورەوە بینیویەتی و ساریەش لە دوورەوە بیستویەتی و ئەمەش لە دەروونزانیدا پێ ی دەگوترێ (التخاطر والاستبصار) واتە توانینی مرۆڤ بۆ بینین و بیستنی ڕووداوەکان کە چاو و گوێی مرۆڤ بە ئاسانی نایانبینێ و نایانبیستێ.

دەروونزانێك دەڵێت: شەوێك لە شەوانی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٧٥٩ ی زایینی کۆمەڵە دۆستێك لە ماڵی یەکێکیان کۆببوونەوە کە کەسایەتیەکی پایەداری ئەو سەردەمە بووە بە ناوی ((أمانويل سويد نبورگ)) و زانایەکی دەروونی بووە، شایانی باسە ئەم ڕووداوە لە شاری گۆتبەنبەرگی سوید ڕوویداوە.

دەڵێت: أمانويل لە ناکاو ئەم پێگەی جێ هێشتوە بێ ئەوەی هیچ شتێك بدرکێنی و هیچ ڕوونکردنەوەیەك لە بارەی ئەم ڕۆیشتنە لەناکاوە بدات، بەڵام پاشان روون بۆوە کە ئەو بۆنی ئاگری کردووە کە ئەویش ئاگر کردنەوەیەکی ستۆکهۆڵمی بە ناوبانگ بووە ! .

دەروونزانێکی تر باسی ((جوسی هیرث)) دەگێڕێتەوە کە ئافرەتێکی ئەمریکیە، ڕۆژێ لە ڕۆژانی ساڵی ١٩٥٥ ی زایینی لە گەرمەی ئاهەنگی یادی لە دایك بوونی دەستە خوشکێکی گەڕایەوە ماڵەوە کە هاتەوە بینی باوك و براکەی دایکیان لە ماڵەوە تەنیا جێ هێشتووە و چوون بۆ سینەما، ئەویش بە دوایان دادەچێت .. لە ناکاو دایکی هەستی کردووە کە ڕووداوێك هاتۆتە پێش بۆ کچەکەی دەست بە جێ پەیوەندیەکی تەلەفۆنی دەگرێت لەگەڵ پرسگەی سینەماکە و لە کارمەندی تەلەفۆنەکە دەپرسێت لە بارەی چەندیەتی تووش بوون بە بەرکەوتنی کچەکەی لەم ڕووداوە کە لەبەر دەرگای ماڵەکەیان ڕوویدا !! ، کارمەندی تەلەفۆنەکە سەرسام دەبێت لە بارەی چۆنیەتی زانینی دایکی بەم ڕووداوە کە تازە ڕوویدا بوو. دوای ساڵانێك کە کچەکە ئەم ڕووداوەی بیرهاتەوە وگێرایەوە ووتی: دوای ئەوەی کە ئوتومبێل لێ ی داوە ئەو خۆی بە خێرایی بەرێگادا ڕۆیشتووە و بەدەم گریانەوە لە بیری خۆیدا گوتوویەتی: دایە..دایە.. دایکیشی وەك چۆن ئەوەی بە چاو بینیبێ هەستی بەم ڕووداوە کردووە.

بەڵام ئایا بۆچی کەسانێك هەندێ شت دەبینن و دەبیستن لە کاتێك دا کەسانی تر ئەم توانایەیان نی یە؟ بۆچی کاتێك کە دەست بۆ تەلەفۆن دەبەیت داوای دۆستێك بکەیت، لەو کاتەدا ئەویش بیر دەکات؟ بۆچی کاتێك کە بە ڕێگادا دەچێت ئەو کەسە دەبینین کە لە خەیاڵت بوو؟ یاخود دایکێك کە لە شیرینی خەودایە

هەست دەکات وا منداڵەکەی خەریکە دەکەوێتە خوارەوە لە سەر قەرەوێڵەکەی و بە هانایەوە دەچێت بەر لەوەی بکەوێت؟ یان جاری وا هەبووە دایك هەستی بە ئازاری ددان کردووە سەردانی پزیشکی کردووە سەلامەت بووە، بەلام منداڵەکەی لە شوێنێکی تر بووە و پەیوەندی پێ کردووە کە ددانی کێشاوە؟! یاخود دایکە ئەلمانەکان هەستیان بە ئازاری پەنجەکانیان کردووە کاتێك کە کورەکانیان کوژراوون لە جەنگی جیهانی دووەمدا؟ زۆری تر بۆ؟ بۆچی؟ ولەبەرچی؟؟؟

هەڵبەت پەروەردگاری مەزن چەندین هێزی بە مرۆڤ بەخشیوە، لەوانەش هێزی جەستەیی و هێزی فکری، و ئەم دوو هێزەش لە زۆری لایەنی ژیان دەر دەکەوێت بە پێ ی پێداویستی مرۆڤ . لە راستیدا هەستی شەشەم دوو خاڵی گرنگ دەگرێتەوە:

١- التخاطر والاستبصار Tele pathy : ئەوەش پێشبینی کردنی بیر و وێنە و ئەندێشەییەکان لە نێوانێکی دوورەوە دەگرێتەوە، یاخود گواستنەوەی فکر لە ئەقلێکەوە بۆ ئەقلێکی تر و پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان دوو مێشکدا لە رێگەی هەستی شەشەم، ئەمەش پەیوەستە بە مێشك و دەمارەکان! هەڵبەت هێزی فکر لە رێگەی شەپۆلی رادیۆ و تەلەفزیۆن ئاسان دەگوازرێتەوە تا لەو کاتەی کە بیری کەسێك دەبینرێت بیری کەسێکی تر وەری دەگرێت خۆ ئەگەر لە نێوانێکی دووریش بێت، بەلام استبصار یان پێشبینی ئەوەیە کە لە رێگەی زانیاری روودەدات بێ ئەوەی هەستە ئاساییەکان بەکاربێت و ئاماژەی بە گواستنەوەی و دواندن لە بارەی کارە سروشتیەکان بدرێت، واتا ئەوەیان رووحیە.

٢- التنبؤ prediction : ئەویش لە دیاردەکانی هەستی شەشەم بەلام بەرێگەی خەونەو، بۆ نموونە مرۆڤ لەوانەیە شەوانە چوار تا پێنج خەون ببینێ بەلام لە بیریان دەکات تەنها یەکێکیان نەبێت کە کاریگەریەکی دەروونی لە سەر مرۆڤەکە دەمێنێت کاتێك لە خەو هەڵدەستێت. بۆیە پەیوەندی نێوان پێشبینی کردن و خەون و هەستی شەشەم ئەوەیەکە خەون خاڵێکی ناهەستی ژێر کاریگەری منی سەربەخۆیە بۆ گەران بە جیهاندا بە شێوەیەك کە ماوە و نێوانێك کە دونیای خەون و روحدا لە رابردوو و ئێستا دا هاتوودا نی یە و زانایان ناویان ناوە زانستی سەرو سروشت (علم **ما وراء الطبیعة**) بۆیە لەوانەیە خەون ئامادەییەك بێ بۆ داهاتوێکی نزیك یا دوور و بریتی یە لە ئاگادارکردنەوە یەك یا مردن یان داهێنان و یاخود دۆزینەوەیەك..

ئەوەی دەکرێ بگوترێ، هەستی شەشەم لە ئاژەڵانیشدا هەیە، بۆ نموونە: ئەوان بەر لە روودانی مەترسیەکان هاوار دەکەن و هەڵدێن ئەگەر مرۆڤ رێیان پێ نەگرێت و ئەوان زووتر هەست بە روودانی گرکان و بومەلەرزە دەکەن و بۆیەش خۆیان دەرباز دەکەن بە پێ ی توانایان لەم رووداوانە..

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەتوانرێت مەبەستە سەرەکیەکان لە دوو خاڵدا چڕ بکرێتەوە، یەکەم ئەوەیە کە هەستی شەشەم دیاردەیەکی دەروونیە و چەند توێژینەوەیەکی بۆ ئەنجام دراوە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە بەرای برێ خەڵك ئەم دیاردەیە حاڵەتێکی روحیە لە نێوان مرۆڤ لە دونیادا هەمووشتێك بزانێت، بەلام ئاساییە کە بەدوای شتە نامۆکاندا بگەرێت کە ناتوانی راڤەیان بکات..

